


# بەعسو عێراق

## ١-٤

لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٦٨دا، واتە چل ساڵ لەمەوبەر، هەندێک لە کادرە سەربازییەکانی حیزبی بەعس سەرکردایەتی کودەتایەکی سەربازی سەرکەوتویان کردو دەسەڵاتی سیاسیان لە عێراقدا گرتەدەست. لەو ڕۆژەوە تا کەوتنی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣دا، عێراق مێژوویەک ژیا جیاواز لە مێژووی پێش بەعسو لە مێژووی بەشی هەرەزۆری ئەو کۆمەڵگاو دەوڵەتانەی تریش لەناوچەکەدا ئامادەبوون. ئاکاری سەرەکی ئەو دونیایەی بەعس بەدرێژایی ساڵە درێژەکانی حوکمڕانی خۆی دروستیکرد، تۆتالیتاریزمە، ئەو سیستمە گشتگیرو توندوتیژو پاوانخوازەیە کە تیایدا دەسەڵاتی بەعس، چ لەشێوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی بەعسیو چ لەشێوەی دەسەڵاتی حیزبیدا، لە زۆربەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی تاکەکەسیو ژیانی دەستەجەمعی ئەم وڵاتەدا ئامادەبوو. بەعس هێزێک بوو خاوەنی خەونێکی تۆتالیتاریانە، خەونی دروستکردنی "کۆمەڵگایەکی بەعسی"یانەو گۆڕینی ئینسانەکان لە عێراقدا بە "ئینسانی بەعسی". واتە بەعس لەیەککاتدا خەونی دروستکردنی کۆمەڵگاو ئینسانێکی نوێی دەبینی ناکۆک بەو کۆمەڵگاو ئینسانانەی کە بەر لە دەسەڵاتی بەعس ئامادەبوون. ئەوەشی ڕێگربوایە لەبەردەم وەدیهێنانی ئەم دوو خەونەدا لەناویدەبرد. بە بەعسیکردنی ئینسانو بە بەعسیکردنی کۆمەڵگا لەسەر لەناوبردنو وێرانکردنی تەواوی ئەو شێوازانەی تری بوونی کۆمەڵایەتیو بوونی ئینسانی کاریدەکرد کە نەدەکەوتنە ناو هەندەسە سیاسیو کۆمەڵایەتیو کولتورییە تۆتالیتارییەکانی بەعسەوە. ئەوەی پرۆژەو دەوڵەتی بەعسی نەدەویست، دەبووە دوژمنی هێزێک کە ڕۆژ بەڕۆژ تواناکانی کوشتنو لەناوبردنو دیسلپینکردنو کۆنترۆڵکردنی لەزیادبووندابوو. دوژمنی دەوڵەتێک ڕۆژ بە ڕۆژ کاراکتەرە هۆبزییەکەی بەهێزتردەبوو و وەک دڕندەیەکی گەورەو بێڕەحم ڕووبەڕووی کۆمەڵگاو تاکەکەسانێک دەبووەوە تادەهات پێگەکانی سەربەخۆبوونو تواناکانی بەرگریکردنو خودپارێزییان لەدەستئەدا. دەسەڵاتی بەعس دەسەڵاتێک بوو لەسەر قەبەبوونی هەرچی زیاتری دەسەڵاتی دەوڵەتو حیزبو دەزگا ئەمنییەکانو لەسەر لاوازبوونی دەسەڵاتی کۆمەڵگاو تاکەکەسو خێزانو سەرجەمی هێزە نادەوڵەتیو ناحیزبیو نائەمنییەکان کاریدەکرد. ئەوەشی ئەم هەندەسە تایبەتەی دەسەڵاتی بەڕێوەدەبرد، دیکتاتۆرێکو نوخبەیەکی نەخوێندەواربوو کە پێیەکییان لەناو کولتوری خێڵو بنەماڵەو گوندا بوو، پێیەکی تریان لەناو ئابووری نەوتدا کە هێزو دەسەڵاتو توانایەکی مادی وا گەورەی پێدەبەخشین، بتوانن خەیاڵی سیاسیو کۆمەڵایەتیو کولتوری خۆیان بکەن بە واقیع، واقیعێکی تۆتالیتاری ترسناک.

ئەو مەیلە تۆتالیتارییانەی هەر لەسەرەتاوە لەئایدیۆلۆژیاو چاوەڕوانیو خەونەکانی بەعسدا ئامادەبوون، پێویستی بە دەساڵ دەسەڵاتدارێتی بوو بۆئەوەی بتوانێت لە خەونو ئەگەرو ئایدیۆلۆژیاوە بیانکات بە واقیع، یان لەبوونێکی هێزەکییەوە بیانگۆڕێت بۆ بوونێکی کردەکی بە مانا ئەرستۆییەکەی. گۆڕانی بەعس بەهێزێکی تۆتالیتێر، هاوکاتبوو بە بەسەرۆکبوونی سەدام حوسەین لە عێراقدا. لە دەساڵی یەکەمی دەسەڵاتیدا بەعس خاوەنی سەرکردەیەک بوو ئەحمەق، مەبەستم ئەحمەد حەسەن بەکرە، بەڵام لەدوای ئەوەوە بوو بەخاوەنی سەرکردەیەک دڕندە، گەرچی لەزۆرکاتدا ئەحمەقبوونی ئەم سەرکردە دڕندەیە هیچی ئەوتۆی لە ئەحمەقبوونی سەرکردەکەی بەر لەخۆی کەمتر نەبوو. تێکەڵوبی حەماقەت بە دڕندەیی، نەخوێندەواری بە تەکنۆلۆژیای مۆدێرنی دیسپلینو کۆنترۆڵو لەناوبردن، تێکەڵبوونی عەقڵیەتو خەیاڵو سایکۆلۆژیای گوندنشینە کۆچکردوەکان بۆ ناو شارە گەورەکان بە داروینیزمی کۆمەڵایەتیو ڕۆمانسیەتی نەتەوەیی، موتوربەکردنی بەرزنرخاندنی "توندوتیژی شۆڕشگێڕانە"ی ناو عەقڵیەتی چەپگەرای ساڵانی شەستو هەفتاکان، بە ڕۆحیەتی هێزپەرستی بەعس لە مۆدێلە بسمارکییەکەیدا. تێکەڵبوونی سایکۆلۆژیای شێواوی سەدام حوسەینو نوخبە داخراوەکەی دەوروبەری، بەو ترسە ئایدیۆلۆژیانەی کە ئایدیۆلۆژیا باڵادەستەکان لە کۆتایی ساڵانی شەستەوە تا ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرهەمیاندەهێنا، مەبەستم فۆبیای ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو ڕۆژئاواو دوژمنە ناوەکیو دەرەکییە گریمانکراوەکانە. دەڵێم ئەم تێکەڵە ئاڵۆزە لە ئایدیۆلۆژیاو سایکۆلۆژیاو تەماحی سیاسیو تەکنۆلۆژیا ئەو پێکهاتە ئاڵۆزە پێکدەهێنن کە لەپشتی بەشێکی زۆری ڕووداوە تراژیدییەکانی مێژووی عێراقەوەن لە هاتنی بەعسەوە تا کەوتنی لە ساڵی ٢٠٠٣دا. بوونی سەدام حوسەینیش بە تاقە پیاوی بەهێزی وڵاتەکە، بوونی بەو کەسەی کە ئیرادەو ویستی ئەو چووە جێی ئیرادەو ویستی دەوڵەتو سایکۆلۆژیای ئەو بووە سایکۆلۆژیای دەسەڵات لە وڵاتەکەدا، دۆخێکی دروستکرد ڕادەی بەربەریەتی لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا بە ئاستێکی خەیاڵی گەیاند.

بە سەرۆکبوونی سەدام حوسەین لە ساڵی ١٩٧٩دا هاوشانبوو بە لەناوبردنی هەموو ئەو هێزانەی کە چ لەناو بەعس خۆیداو چ لەدەرەوەیدا لەگەڵ دەسەڵاتی ڕەهای سەدەمدا یەکیاننەدەگرتەوە. بەعسی سەدام دوای ئەوەی هەموو باڵو کوتلەو کەسە ناڕازییەکانی ناوخۆی لەسەرەتای هەفتاکاندا لەناوبرد، هەندێکیان بە دەرمانخواردکردنو هەندێکیان بە شێلان بە ئۆتۆمبێلو هەندێکیان بە تاوانبارکردنیان بە خیانەت لە شۆڕشو دواتر ڕەمیکردنیان بەدیارچاوی ئەندامەکانی بەعس خۆیانەوەو هەندێکیان بە ڕاونانیان بۆ دەرەوەی عێراق.

دەڵێم سەدام دوای ئەوەی بەعسی لە بەعسییە ناڕازییەکانو لە ناحەزەکانی خۆی پاککردەوە، دوای ئەوەی ئۆرگانەکانی حیزبی گۆڕی بە کۆمەڵێک ئۆرگانی گوێڕایەڵو ترسێنراوو بێئیرادە لەبەرانبەر سەدامدا، ئینجا کەوتە هێرشبردن بۆسەر دوژمنەکانی دەرەوەی بەعس خۆی، هێرش بۆسەر کوردەکانو کۆمۆنیستەکانو ئیسلامییەکان بەدواییەکدا.

لەناوبردنی شۆڕشی کورد لە ساڵی حەفتاو پێنجدا هەنگاوی دووهەمی بەعس بوو بۆ نەهێشتنی ئەو هێزانەی لەدەرەوەی بەعسدا ئامادەبوون. بۆ بەعس کوردستان ئەو بەشەی عێراق بوو کە نەیدەتوانی کۆنترۆڵو دیسپلینی بکات. بوونی بەرگری کوردی لە شاخەکاندا هێمایەکی بریندارکەربوو نەک تەنها بۆ لاوازیی دەسەڵاتی هێزپەرستی بەعس، بەڵکو شوێنێکیش بوو کە دەکرا ببێتە پێگەو نموونەو مۆدێلێک بۆ هەر هێزێکی دیکە بیەوێت لە خەونو تەماحو سیاسەتەکانی بەعس یاخیبێت. بۆیە لەناوبردنی بەرگری کوردی بەشێوەیەکی قووڵ بەستراوەتەوە بە دیدی بەعسەوە بۆ دەسەڵاتو دەوڵەتو حوکمڕانیکردنەوە. لەدوای لەناوبردنی بەرگری کوردییەوە بەعس کەوتە لەناوبردنی کۆمۆنیستەکانی عێراق. گرتنو کوشتنو لەناوبردنی کۆمۆنیستەکانو ناچارکردنیان بە هەڵاتن بۆ دەرەوەی عێراق یان بۆ شاخەکانی کوردوستان، لەناوبردنی ئەو دواهەمین هێزە ڕێکخراوو ئاشکرایەبوو کە دەکرا پرۆژەی بە تۆتالیتارکردنی دەوڵەت لە عێراقدا کەمەکێک دوابخات. دوای لەناوبردنی کۆمۆنیستەکان، ئینجا نۆرە هاتە سەر لەناوبردنی هێزە دینییە نائاشکراو نهێنییەکان. سەرەتای هەشتاکان ڕۆژگاری گرتنو کوشتنو ڕاوەدونانی هەوادارو کادرو سەرکردەی هێزە ئیسلامییەکانی عێراق بوو. بەمجۆرە لە هاتنی سەدام حوسەینەوە تا سپێدەی ڕاپەڕینەکانی ساڵی ١٩٩١ دەوڵەتی عێراقی دەوڵەتێکی تۆتالیتاری بوو، ڕاپەڕینەکانی ساڵی ١٩٩١ کۆتاییان بە تۆتالیتاریزمی دەوڵەت هێناو دەرگایان لەسەر شێوازێکی نوێی دەسەڵات کردەوە کە ئامرازە سەرەکییەکانی دینو خێڵو توندوتیژیو پارەبوو.

# کۆی سیستمی فێرکاری ئێمە دژی پرۆسەی بیرکردنەوەیە؟

■ فایەق سەعید
■ بەشی دووەمو کۆتایی

لەکۆی سیستمی فێرکاری ئێمەدا پرۆسەی فێرکردن وەکو پرۆسە تەماشای نەکراوە (سیستمی داخراو)، بەڵکو وەک خەتێکی بەیانی کەبریتیە لەچەند خاڵێکی جیا جیا کەبەدوای یەکدا دێنو لەسەر یەک بنیادنراون، تەماشاکراوە. ئەم شێوەیە (Linear) هەرگیز نابێتە هۆی تازەگەری، چونکە ڕەهەندە جیاوازەکان لەبەرچاو ناگرێت. کاتێک مرۆڤ وەک پرۆسە تەماشای پرۆسەی فێرکاری نەکرد، ناچار دەبێت وەکو کارگەیەکی بەرهەمێنان تەماشای بکاتو ئەوکات زیادکردنی بەرهەم دەبێتە خاڵی ئۆپتیمالی ئەو کارخانەیە. ئەو دەم هەر خوێندکارێک شەش ئایەتی لەبەرکردو یەک شتی نەگوت کە لەگەڵ فەرموودەکانی پێغەمبەرو قورئاندا جیاواز بێت، ئەوە مانای وایە ئەو خوێندنە یا ئەو خولانە خاڵی مەبەست دەپێکنو لەبەرژەوەندی مناڵانو بەشداربووەکانیش نمونەیین. هەرکات خوێندکار لەبواری ماتماتیکدا بەباشی هەر چوار پرۆسەی کۆکردنەوە، لێدەرکردن، لێکدانو دابەشکردنی زانی، ئەوە مانای وایە ئەو قوتابخانەیە وەکو کارخانەیەک لەخاڵی ئۆپتیماڵی خۆی نزیک بۆتەوەو بەرهەمەکەشی کە خوێندکاری زیرەکە زۆر نایابە. ئەگەر قوتابخانەکان بەسیستمی داخراو کار بکەن ئێمە هیچ گرفتێکمان نیە، بەڵام ئەگەر لافو گەزافی پێشکەوتنو سیستمێکی کراوە لێبدەن، ئەوە گرفتمان زۆرە. لەلایەکەوە لەبەرکردنی ئەو ئایەتو حەدیسو شیعرو وانانە بەو شێوەیەی بواری هیچ مناڵێک نەدەین بیروڕای جیاوازی هەبێت کە سنورەکانی ئیسلامو سیستمی فێرکاریمان ببەزێنێت، مانای وایە ئێمە ڕێگەمان لەبیرکردنەوەی تاکەکان گرتو سنورمان بۆ گەشەسەندنی مرۆڤ لەڕێگەی ڕاگرتنی بیروڕا جیاوازەکانەوە دانا. ئەم بەربەستکردنە مانای وایە ئێمە ڕێگەمان لەوە گرت ئەم پرۆسەیە بگاتە خاڵی ئۆپتیماڵی خۆی. ئەم ڕاگرتنە کە سیستمی کراوە بەهیچ شێوەیەک دانی پێدا نانێتو قبوڵی نییە، دەبێتە خاڵی ئۆپتیماڵو کۆتایی سیستمی داخراو. لەلایەکی دیکەوە فێربوونی ئەو چوار پرۆسەیە لەبیرکاریدا لەوانەیە یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی خوێندکار بتوانێت لەقۆناغی دووەمدا پەرە بەبیرکردنەوەی لۆجیکیانە بدات کە ناوەندێکی کارکردنی گرنگە لەزانستی

**سەرئەنجام مرۆڤی ئێمە مرۆڤێکە ناتوانێت بیربکاتەوەو زانست بەرهەم بێنێتەوە، چونکە هەموو مامۆستاکانو کۆی سیستمی ئێمەش تەنها دەتوانن زانستەکان کۆپی بکەنەوە**

بیرکاریدا. زانینی ئەو چوار پرۆسەیە دەبێتە خاڵی ئۆپتیماڵ لەسیستمی داخراوداو ئەو مناڵەی ئەم پرۆسانە بزانێت بەسەرکەوتوو دادەنرێت، چونکە وەک بەرهەم تەماشا دەکرێت. کەچی لەسیستمی کراوەدا زانینی ئەم چوار پرۆسە ماتماتیکییە تەنها ئامرازێکە بۆ گەیشتن بەخاڵی ئۆپتیماڵ لەبیرکاریدا کە بریتیە لەبیرکردنەوەی لۆجیکیانە. بەدەر لەبیرکاریش لۆجیک ڕۆڵێکی زۆر سەرەکی لەپرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردندا دەگێڕێت Socilization process.

شتێکی بەڵگەنەویستە کە تەماشاکردنی سیستمی فێرکاری وەک پرۆسەیەکی بەردەوام، کارێکی زۆر

**لەبەرکردنی ئەو ئایەتو حەدیسو شیعرو وانانە بەو شێوەیەی بواری هیچ مناڵێک نەدەین بیروڕای جیاوازی هەبێت کە سنورەکانی ئیسلامو سیستمی فێرکاریمان ببەزێنێت**

ئاڵۆزە، چونکە سەرجەمی بابەتەکان پەیوەندییەکی زۆریان بەزیندویەتی ئەو پرۆسەیەوە هەیە. بەشێوەیەکی دی ئەوەی ئەم گۆشە نیگایەی هەبێت دەبێت سەرجەمی پلانو نەخشەو هەڵسەنگاندنەکانی زیندووبن. زیندوو بەو مانایەیە وا تەماشای پرۆسەی فێرکاری بکات کە پەیوەندییەکی ڕۆژانەی بەئاڵوگۆڕکردنی بیروڕای نێوان خوێندکاران لەلایەکو خوێندکارانو مامۆستایان لەلایەکی دیکەوە هەیە. هەروەها کاریگەری نێوان ژینگەی دەوروبەرو ئەم دوو جۆرە پەیوەندییەی سەرەوە، (پەیوەندی سێگانە). واتە هەرکات گۆڕانکارییەک لەو پەیوەندییانەدا هاتە ئاراوە، ئەوە دەبێت ئەو پلانەو هەڵسەنگاندنانە بگۆڕێن. من پێم سەیرە سیستمی ئێمە لەحەفتاکانەوە چەند خاڵێکی نووسیوە بۆ هەڵسەنگاندنی کاری قوتابخانەکان کەچی تاوەکو ئەمڕۆش کاریان پێدەکات. ئەدی ئەو هەموو ئاڵوگۆڕە دراماتیکیانەی لەو پەیوەندییە سێگانەیەدا ڕوویانداوە نابێ هیچ کاریگەرییەک لەسەر پلانەکانو هەڵسەنگاندنەکان دابنێت. لەبواری وتنەوەی ئاینیشدا هەمان شت دروستە، بەڵام ئەوەی هەیە ئاینی ئیسلام دەرگای پێشکەوتنی بەسەر خۆیدا داخستووەو نایەوێت زانست بکاتە پێوەرو هیچ هەوەسێکی لەدۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ئیسلامو زانستەکانی دیکەدا نییە.

پرۆسەی فێرکردنو فێربوون دوو پرۆسەن بەپێی سیستمی کراوە زیندوون، چونکە پەیوەندییان بەو حیوارە زیندووەوە هەیە کە لەو پەیوەندییە سێگانەیەدا دروست دەبێت. خودی مناڵ تاکێکی زیندووەو پرسیار زۆر دەکات. ئەم پرسیار زۆرییە پەیوەندی بەشێماکانو چەند پرۆسەیەکی ناو مێشکی مناڵانەوە هەیە کە دواجار کار لەگەشەسەندنی پرۆسەی بیرکردنەوەو وەرگرتنی مەعریفە دەکات. بەڵام کاتێک مناڵ لەکۆمەڵگای ئێمەدا پرسیار زۆر دەکات، بەتایبەت کاتێ پرسیارێکی نامۆ دەکات، کە دەکەوێتە سنوری شتە حەرامەکانەوە، بەهەموو شێوەیەک ڕێگاکانی لێدەگیرێتو دەمی پێدادەخرێت. ئیدی کامە بەرژەوەندی مناڵە کە ئێمە منەتیان بەسەرەوە دەکەین کە بۆیان دەپارێزین؟ بەپێی سیستمی کراوە، ئێمە لە بەرژەوەندییەکانیان دەدەینو بەهەموو پێوەرێک تاوانبارین لەبەرانبەریاندا. ئەمەش مانای وایە سیستمی فێرکاری ئێمە سەرەکیترین کاری خۆی کە پرۆسەی بیرکردنەوەیە وەلا دەخات، چونکە شارەزای نییە. ئەوی دیکە کە دەمێنێتەوەو بریتیە لەو زانیارییانەی بۆ ژیانی ڕۆژانە پێویستن وەک چوار پرۆسەکەی بیرکاری یا زانیارییەکانی ناو زانستە سروشتیەکان، ئەوە سیستمی ئێمە لەسیاقی خۆی دەریان دەهێنێتو لەژینگەیەکی زۆر نامۆدا بەمناڵانی دەڵێتەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی گەشەسەندنی کۆگنەتیڤانەی ئەوان.

جیاوازییەکی دیکە پەیوەستە بەڕۆڵی مامۆستا لەهەردوو سیستمەکەدا. لەسیستمی داخراودا مامۆستا فێرکەرو بڕیاردەرەو ڕۆڵی سەرەکی هەیە لەنووسینەوەی پێشوەختی هەموو پلانو هەڵسەنگاندنەکانداو لەهەندێ وڵاتدا بڕیاری قسەکردنو کاتی پێکەنینو گریانیش دەدات. بەهەمان شێوە ئەوە کە بڕیار دەدات کام بابەتە بۆ مناڵەکان باشنو هەرخۆشی سنوری نێوان شتە حەرامکراوەکانو حەڵاڵکراوەکان بەپێی نووسینێکی پێشوەخت (کەدەکرێ بریتی بێت لەئایەتێک، کتێبێک، قسەی سیاسیەک یا دەرەبەگێک) دیاری دەکات. ئەوەتا لەتازەترین ریفۆرمی ئێمەدا ٢٠٠٧ بەدەقەو سەعات ئەرکی مامۆستاکان دیاری کراون، کە چی بکەن یا نەیکەن. من هیوادارم هیچ وەفدێکی بێگانە چاوی بەو چەند دێڕە نەکەوێت.

بەهەمان شێوە ئەو پێوەرانەی خوێندکاری پێ هەڵدەسەنگێندرێت پێشتر ئامادەکراوەو خوێندکار ڕۆڵی تێدا نابینێت. بەشێوەیەکی دی خوێندکار بەدوای حەزەکانی مامۆستاوەیەو ئەوەی مامۆستا حەزبکات مناڵ دەیخوێنێت. لەم نێوەندەدا ڕای مامۆستا (سیاسییەکان) باڵایەو بیروبۆچوونی مناڵ یا خوێندکار نابێ لەسەرووی بیروبۆچوونەکانی مامۆستاوە بێت، بەتایبەت ئەگەر بابەتەکان پەیوەندییان بەئاین یا سیاسەتەوە هەبێت. ئەم سیستمە لەسەر شێوەیەکی هەڕەمی بنیادنراوە. بەڵام بەپێچەوانەوە سیستمی کراوە بڕوای بەو جۆرە هەڕەمە نییەو دەکرێ ئۆرگانەکانی ئەو هەڕەمە هەموو دەمێک شوێنەکانی خۆیان بگۆڕن. شتێک نییە بەناوی ئاین یا پلانێکی پێشوەخت کە هەمیشە حوکم بکات. مامۆستا ئەو کەسەیە کە زانستەکان

**خودی مناڵ تاکێکی زیندووەو پرسیار زۆر دەکات. ئەم پرسیار زۆرییە پەیوەندی بەشێماکانو چەند پرۆسەیەکی ناو مێشکی مناڵانەوە هەیە کە دواجار کار لەگەشەسەندنی پرۆسەی بیرکردنەوەو وەرگرتنی مەعریفە دەکات**

شیدەکاتەوەو ڕۆڵی ڕێنیشاندەر دەبینێت. زۆر بەداخەوە لەتازەترین ریفۆرمی وەزارەتی پەروەردەدا کە لەلایەن پەرلەمانیشەوە پەسەندکرا، مامۆستا وەک (بەڕێوبەری گەیاندن) پێناسە دەکرێت، لەکاتێکدا پیاژێ لەشەستەکاندا مەرگی ئەم پێناسەیەی ڕاگەیاند. ئەم مەرگە هەر لەو کاتەوە تاکو ئەمڕۆ سەدان لێکۆڵینەوەی گرنگی بەدوای خۆیدا هێناوە. مامۆستا ڕێنیشاندەروسەرپەرشتیکارەو ئەرکێکی سەرەکی لەسەر شانە ئەویش کارکردنە لەسەر پرۆسەی بیرکردنەوە. ئەدەبی هاوچەرخی ڕۆژئاوا شتێک ناناسێت بەناوی (بەڕێوەبەری گەیاندن)ەوە. گرفتی سەرەکی ئێمە ئەوەیە نەسی اسەتمەدارەکانمانو نەپەرلەمەنتارەکانیشمان شارەزاییان لەپرۆسەی هاوچەرخی فێرکردن نییەو نازانن لەودیو قەڵادزەوە چ دەگوزەرێت.

بەپێچەوانەی سیستمی داخراوەوە، لەسیستمی کراوەدا مامۆستا بەدوای حەزی مناڵانەوەیەو هەرچی بۆ ئەوان پێویستیان بێت ئەم دەیکات. لێرەدا هیچ شتێک نییە کەخوێندکار بۆی نەبێت قسەی لەسەر بکات. لەو پەیوەندییە سێگانەیەدا مامۆستا



لەهەموو ئەکتوێرەکانی دیکە زیاتر ئامادەی گۆڕانو گوێگرتنەو بەهەموو شێوەیەک خۆی لەگەڵ مناڵاندا دەگونجێنێت. هەر ئەو سەرپەرشتی دووبارە ئۆرگانیزکردنەوەی زانیارییەکان لەلای خوێندکاران دەکاتو بەدوای گریمانەکانیانەوە دەچێت تا دەگەنە خاڵی ئۆپتیماڵ. لەم سیستمەدا مامۆستا ناگەڕێتەوە بۆ دەقە ئاینیەکانو بڕیارو حەزی سیاسییەکان وەک دوا بڕیاردەر لەسەر گریمانەکان، بەڵکو گریمانەکان لەبەر ڕۆشنایی چەندین سەرچاوەی زانستی هەمەجۆرو هاودژ شیدەکاتەوە. ئەرکی مامۆستا ئەوەیە پرۆسەی بیرکردنەوە لەلای خوێندکاران بخاتەگەڕو بیروبۆچوونە جیاوازەکان تێهەڵکێش بکات. لەسیستمی کراوەدا ئەرکی مامۆستا ئەوەیە کاربکات بۆ ئەوەی ژینگەیەکی وا بێنێتە ئاراوە کەمناڵ تێیدا بتوانێت لەشتەکان بکۆڵێتەوەو بەدواداچوونیان بۆ بکات. مامۆستا لەم سیستمەدا دەرگا بەڕووی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانەدا داناخات لەبەر ئەوەی پێشتر بڕیار لەسەر ئەم مەسەلانە دراوە یا بەردەوام بوون لەسەر ئەم کارە گوناهەو دەمانباتە سەر کوفر.

جیاوازییەکی جەوهەری دیکە ئەوەیە مرۆڤ چۆن دەڕوانێتە پرۆسەی فێرکاری؟ تێڕوانینی هەر سیستمێک بۆ ئەم پرۆسەیە بڕیاری هاوچەرخبوونی ئەو سیستمە دەدات. ئەوانەی بەسیستمی کراوە کاردەکەن، پێیان وایە ئەم پرۆسەیە دەبێ زۆر ئەکتیڤو چالاک بێت. ئەم تایبەتمەندێتیە کە بەیەکێک لەپرنسیبە دیارەکانی ناو تیۆرییەکانی پیاژێ دەژمێردرێ، بووە هۆی نووسینی هەزارەها لێکۆڵینەوەو کتێبی جۆراوجۆر هەر لەئالمیەوە تا شاتیندن، ئۆپەر، دۆکۆرس، گینزبۆرگ...هتد. هەر لەپەیمانگای جنێڤەوە تا ناوەندە بەناوبانگەکانی لێکۆڵینەوە لەسەرجەمی ڕۆژئاودا. ئەم پرنسیپە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە زانست لەناووەوەی مناڵان دروست دەکرێتو کاریگەری گەورەی لەسەر پرۆسەی بیرکردنەوە هەیە. بەپێچەوانەی ئەمەوە سیستمی داخراو پێی وایە زانست لەڕێگەی کاریگەرییەکی دەرەکیەوە دروست دەبێت، بۆ نموونە کاتێک مامۆستا کۆمەڵێک زانیاریو زانست دەخاتە بەردەست خوێندکارانو کاریان لەگەڵدا دەکات. بەڵام ئەم کارە بەڕای پیاژێ بەهیچ شێوەیەک نابێتە دروستکردنی مەعریفەو بیرکردنەوەش وەک پرۆسە دابین ناکات. زانست تەنها ئەوکاتە دێتە بەرهەم کە خودی خوێندکاران بەرهەمی بێنن. ئەم کارەی پیاژێ بەڕادەی جیاواز کاری لەکۆمەڵێ دەرونناسو پەروەردەناس کرد کەهەر یەک بەتێگەیشتنی خۆیان هەوڵی ئەوەیان دەدا ئەم ئەکتیڤبوونو بەرهەمهێنانەوەی زانستە لەقوتابخانەکاندا پیادە بکەن. بەشێک لەوانە پێزتالۆزی، فرۆیبل کەخاوەنی پەروەردەو قوتابخانەی تایبەتی خۆیەتی، مۆنتیسۆری کە تا ئەمڕۆش ڕێبازو قوتابخانەی تایبەتی لەسەرتاسەری ڕۆژئاوادا هەیە...هتد. بەرهەمێنانەوەی زانست پەیوەندی بەکۆمەڵێک فاکتەرەوە هەیە کە دیداکتیک دەتوانێت چارەسەریان بکات. سەرجەمی ئەو فاکتەرانەش کە من لە دەرەفەتێکی دیکەدا لەسەریان دەنووسم، ئەو پەیامە بەئێمە ڕادەگەیەنن ئەگەر پرۆسەکە بەشێوەی داخراو بەڕێوە بڕوات، ئەوە مانای ئیفلیجکردنی پرۆسەی بیرکردنەوەیە لەلای خوێندکاران. لەکۆتاییدا دەبێ ئەوەش یاداشت بکەم ئەمانەی من باسم کردن، بەشێکی کەمن لەو فاکتەرانەی کە دژ بەپرۆسەی بیرکردنەوەن لەلای خوێندکاران. ئیدی نازانم ئێمە چۆن لەبەرژەوەندی خوێندکاران کاردەکەینو چۆن ئەو بەرژەوەندییە دەپارێزین؟

faiekk@hotmail.com